# پیری ڤاوڕ لە منالّی ئەداتەوە

شیعری حەمە کاکەڕەش
سوێد

نامەوێت پیربم
نامەوێت بە کۆڵانەکانی پیریدا
تێپەڕم
نامەوێت سڵاو لە پیری بکەم
نامەوێت دەنگی هیچ باڵندەیەکی پیر
بڕژێتە ژووره کەمەوه
نامەوێت هیچ ئاوێکی پیر
ئاگری خەیاڵەکانی منالّیم بکوژێنێتەوه
نامەوێت هیچ باخچەیەك
گوڵێکی پیرم بۆ بنێرێ
نامەوێت هیچ ئە ستێرەیەکی پیر
لە ئاسمانی منالّی منا هەڵبێ
نامەوێت بە فری پیری
گوڵەکانی دڵم سپی کا
نامەوێت شەوه گێژەکانی پیری ڕۆژەکانی تەمەنم
هەراسانبکەن
نامەوێت با ی پیری
یاری بە چیمەنی باخچەکەم بکا
نامەوێت لە هیچ ئاوێنەیەکی پیردا
ڕووخساری خۆم ببینم
نامەوێت هیچ نورێکی پیر
خۆی بە ناوچەوانمەوه هەڵواسێ
ئەمەوێت
منالّبم منالّ
ئەمەوێت کالّبم کالّ
ئەمەوێت لە دڵۆپێ بارانا
خەیالّبم خەیالّ جۆلانە دروستکەم
ئەمەوێت لە سەر بالّی باڵندەکان
دانیشم هەست بەگەورەیی
ئاسمان نە کەم
ئەمەوێت
لەگەڵ باڵندەکاندا بفڕم
بۆ سەردەمێکی تر
کە نوقمی خۆکوشتنی
پەپوولە نەبێت
کە نوقمی دەربەدەرکردنی
کۆ ترەکان نەبێت
نوقمی شاردنەوه جوانی و
ئەتك کردنی ژن نەبێت

ئەی دۆستی خەیاڵەکانی مناڵی
من دڵم پڕە لە گوڵ
من دڵم پڕە لە ئاو
من دڵم پڕە لە تیشك
نامەوێت هەست بەگەرمی
باخچەنەکەم
نامەوێت هەست بە تەنگی با و
نەر موشلی ئاو نەکەم
نامەوێت
هەست بەمەستی بە فرو
بێدەنگی بەرد نەکەم
هاوار دەکەم
ئەو ژنە باخچەیەک بوو لە گوڵ
ئاسمانێك بوو لە کۆتر
لە ئەستێرە
مناڵێك بوو لە گۆرانی لە ئاواز
پێدەشتێك بوو لە شەپۆل
لە ئاگر
دەریایاك بوو لە جوانی لە ناز
پیری خامۆشی کرد پیری
پیری ڕاونینەکانی لێسەندەوە
پیری ڕاونینەکانی خاو کردەوە
پیری خەیاڵەکانی کاڵکردەوە
پیری سازی مناڵی شکان
پیری چاوەکانی پر کرد
لە تاریکی و گریان
لە ئاسمانەکانی پیریدا
ڕۆژێك نیە بۆ ئاسودەیی
لە گەڕەکەکانی پیریدا
کۆڵانێك نیە بۆ خەیاڵ
لە دەریاکانی پیریدا
شەپۆلێك نیە بۆ پێکەنین
لە ئاهەنگەکانی پیریدا
گۆرانیەك نیە بێ خەم
ئەی مناڵی من کاتێك
سەرگەردانم
ڕەنگەکانی تۆ لەڕوخسارم کاڵبێتەوە
شوێن پێیەکانی تۆ
لە باخچەکەم دوور کەوێتەوە
ئەی مناڵی من بەناوی عاشقەکانەوە
قسە دەکەم
بەناوی مردووەکانەوە قسەدەکەم
ئەوانیش
لە داخی پیری مردن
ئەی مناڵی پیری پە نجەرەیەکە

بەڕووی مردندا دەکرێتەوە
ئەی منالی پیری دەرگایەکە
مردن ئەیکوتێ
پیری باڵندەیەکە
مردن باڵەکانی هەڵگرتووە
پیری ئاوێکە
مردن ناهێڵێ هاژەی بێت
پیری با یەکە شتە سادەکان
ئاڵۆزدەکات
پیری دەستێکە
دەڵێ هاوڕێ دڕەنگە
ئاوڕ لەمناڵی مەدەرەوە
ئەبێ بڕۆین
وا خۆرئاوا دەبێت